# له بەرانبەر نەبونی کارەبادا خەڵکی نارازی کفری
# دەسەڵاتی تاریکی یەکێتی نیشتمانییان بەرد بارانکرد !

لەدرێژەی نارەزایەتیو خەباتی بەردەوامو لە پسان نەهاتوی خەڵکی کوردستاندا بەرانبەر گەندەڵی دەسەلاتدارانی کوردستانو گوێنەدان بە خواستی خەڵكو لە پیناو دابینکردنی کارەباو سوتەمەنیداو بەتایبەت بەنزیندا ئەمرۆ خەڵکی کفری خۆپیشاندانیان ساز کردو تاڕادەیەکی زۆر کۆنترۆڵی کفریان بەدەستوە گرت. خۆپیشاندەران بەسەر دامەزراوەکانی کارەباو سەرکوتخانەی ئاسایشو مەرکەزی قائیمقامیەتو بەنزیخانەو کۆمیتەی یەکیتی نیشتمانی کوردستاندا گڕیان خواردو نارڕزی بونی خۆیان بەرانبەر بەدەسەلاتداران نمایش کردو کۆمیتەی یەکێتی نیتشمانی کوردستانو بەنزیخانەو دامەزرای کارەبا کەوتنە بەردەم لێشاوی رقو توڕەیی خەڵكو بەتوندی بەردباران کران. قایقامیش لە ترسی توڕەیی خەڵك لەلایەكو لەلایەکی دیکەوە لە بەرنەبونی هیچ وەلامێکی گونجاو بۆ خۆپیشاندەران جورئەتی هاتنە دەرەوەو قسەکردن بۆ خۆپیشاندەرانی نەبوو. پۆلیسو ئاسایش وەك فەرهەنگو پەروەردەیەك کە دراونپیشەیان هەر تەقەیەو ئەمرۆش ئەوکارەیان ئەنجامدا، بەلام ئەمجارە پاش گوللەبارنکردنەکانی تاسلوجەو هەلەبجەو شوێنەکانی دیکەو نارەزایەتی فراوانی ناوخۆو جیهانی بەرانبەر بەم تاوانو شێوازە میلیشاییەی دەسەلاتی ناوچەی سلێمانی، چەکدارەکانی یەکێتی ناچار بون بڕیك لولەی تفەنگەکانیان بخەنە ئاسمانو تەقە بەسەر خەڵکدا بکەن، ئەمڕۆ تەقە کردنو زیندانیکردنو ناونوسینی هەڵوسڕاوانو ڕابەرانی خەلکی نارڕزی وەلامی یەکێتی نیتشمانی کوردستانە بەرانبەر خۆپیشاندەرانو مانگرتوانو نارڕزیانی کۆمەلگا نەك وەلامدانەوە بە خواستەکانیان. جێگای باسە ئاماژە بەوە بدەین کە ئاسایشی کفری ناوی چەندین کەسی نوسیوە بۆئەوەی دواتر زیندانی یان لیکۆلینەوەیان لەگەڵ بکات.

خەڵکی کوردستان نە وەلامی خواستی دابینکردنی کارەبای دەدرێتەوە نە تەنانەت دابینکردنی سوتەمەنی لە بەنزینو نەوت، بۆ ئەوەی لایەنی کەم لەم چلەی هاوینەدا بتوانیت بەنزینی بە نرخێکی گونجاو دەست بکەوێتو دینەمۆکەی دابگیرسێنیتو برێك خۆی فینك بکاتەوە بەتایبەت لە کفریو ناوچەکانی دیکەی گەرمیان کە پلەی گەرما دەگاتە سەرو 45 پلەوە. بەلام دەسەلاتداران کە بەتەواوی لە باری سیاسیو کۆمەلایەتیەوە جیابونەتەوە لەخەڵکی کوردستان بۆخۆیان دەستیان گرتوە بەسەر سەروەتو سامانی کۆمەڵگاداو ماڵەکانیان چراخانەو پارە پولیشیان خەرمانە، جا خەڵکی کوردستان لە گەرما دا سور هەڵدەگەرێت یان لەسەرمادا رەق دەبێتەوە هیچ جێگای گرینگی پێدانی ئەم دەسەلاتە میلیشیاییە نیە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، تەقەکردن لە خۆپیشاندەران بەهەرشێوەیەك بێت ئیدانە دەکاتو داوای سزادانو دادگاییکردنی ئاشکرای ئەم تفەنگچیانە دەکاتو لەهەمانکاتدا ڕادەگەیەنینو یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاگادار دەکەینەوە کە پەنا نەباتە بەر زیندانیکردنو هەلکوتینە سەرماڵی هیچ کام لە هەڵسوڕاوانی خۆپیشاندانەکەی ئەمڕۆ. ئێمە لەبەرانبەر ڕودانی هەر جۆرە کارێکی وادا بێدەنگ نابینو وەلامی گونجاوی پێدەدەینەوە.

خەڵکی کوردستان ماوەی چەند مانگێکە لە چوارقورنەوە تاکو سلێمانیو کفریو هەڵەبجە لە نارەزایەتی بەردەوامدان لەپیناو دابینکردنی بەنزین بەنرخیکی گونجاو دابینکردنی کارەبادا. ئەم نارەزایەتیو بزوتنەوەیە پێویستی بەریکخراوبوونو یەکگرتووبون هەیە. بەبێ ریکخراوبونو یەکگرتوکردنی ئەم نارەزایەتیانە، نە کارەباو نەبزین دابین ناکرێت. ئەرکی سەرەکی ڕابەرانو هەلسوراوانی بزوتنەوەی نارەزایەتی خەلکی کوردستان لەوانە هەلسوراوانو رابەرانی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییە لە چوارقورنەو هەلەبجەوو کفریو سلیمانی... پێویستە ئەوە بێت کە لە هەنگاوی یەکەمدا خۆیان لە دەستە یان ریکخراو یان لیژنەیەکی سەرتاسەریدا رێکخراوبکەنو پاشان خەباتکردنو هەولدان بۆ یەکگرتوکردنو رێکخراوکردنی بزوتنەوەی نارەزایەتی خەلك لەرێگای هاتنەمەیدانێکی سەرتاسەری لە کاتێکی دیاریکراودا لەهەمووشارو شاروچکەکانی کوردستاندا. ئەمە وەلامێکی خەباتکارانەیە کە دەتوانێت بەنزینو کارەباو زیادکردنی موچەو خواستەکانی دیکەی خەڵکی کوردستان دابین بکات. خواستو دروشمەکانی نارەزایەتییەکان یەکن ئەوەی کە پیویستە بەفەوری ئەنجام بدرێت خۆرێکسختنورێکسختنو یەکگرتووکردنی ڕیزی رابەرانو هەڵسوڕاوانە لە فۆرمێکی گونجاودا. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە نێو ریزی ئەم خەباتەدا تاسەر لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستاندا خەبات دەکات. بۆپێشەوە بەرەو بزوتنەوەیەکی سەرتاسەریو رێکخراوو یەکگرتوی خەلکی کوردستان.

**ڕیکخراوی کوردستانی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2006/8/5